# نامەیەکی ئاوەڵا

**بەڕێزان:**

ئێمە، دەستەی نووسەرانی پەیام، هەر لە دەستپێکی (پەیام)ەوە، بەردەوام لەگەڵ زۆربەی ژمارەکانی پەیامدا نامە و ڕوونکردنەوەمان لە نامەی جیاوازدا بۆ خوێنەرانی بەڕێز پۆست کردووە و زۆر ڕاشکاوانە باسی چۆنییەتی بەچاپگەیاندن و بڵاوکردنەوە و پۆستکردنی (پەیام)مان تێیاندا و ڕوون کردۆتەوە، تا هەمووان ئاگادار بن و بە پێویست و ئەرکی خۆشمان زانیوە ئەو ڕاستییە بخەینە بەردەستی هەمووان.

لە زۆربەی نامەکاندا کە لێرەدا بە کورتی هەندێکی بڵاو دەکەینەوە و دەیخەینە بەردەستی ئێوەی دڵسۆز و بەڕێز، جەختمان لەسەر ئەوە کردووە کە (پەیام) پرۆژەیەکی سەربەخۆیە و هیچ حزب و لایەنێکی سیاسی و ڕێکخراوەیەکی خێرخوازیی و...تاد لە پشتییەوە نییە و تاکە سەرچاوەی دارایی، یارمەتی و کۆمەکی خوێنەرانی بەڕێزە و هیچی تر. مەبەسیشمان بووە وەک دۆکیومێنتێک ئەو ڕاستییە بخەینە بەردەستی هەمووان.

ئێمە خەممان تەنیا نەمان و لەنێوچوونی (پەیام) نەبووە، بەڵکو بە پەرۆش و خەمێکی زۆریشەوە بووین کە جارێکی تریش بۆشاییەکی تر نەکەوێتە نێو گۆڕەپانی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە و دیسانەوە بێهومێدی لەلای خەڵکی کورد دروست بکات. بەڵام بەداخەوە ئەمیش هەر بە دەردی دەستەخوشکەکانی تری چوو.

کارگێڕان و دەستەی نووسەران، جگە لە ماندووبوون و شەونخونی، هاوکات بۆ هەر ژمارەیەکی پەیام لە گیرفانی خۆشمان خەرجیی بەشێک لە ئەرکی چاپ و بڵاوکردنەوە و بەردەوامبوونی پەیاممان خستووەتە ئەستۆی خۆمان.

لێرەدا ئاگاداری هەموو دڵسۆزان و بەشداربووانی (پەیام) دەکەین، کە بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ لە کاتی نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەم نامەیەوە لە پەیامدا، پۆستی پەیام بە کراوەیی دەهێڵینەوە و هەر بەڕێزێک ئابوونەی ساڵانەی داوە و بەپێی ئەو پارەیەی داویەتی بۆ بەشداریی ساڵانە لە پەیامدا، هەرچییەکی دەکەوێتە لای ئێمە ئاگادارمان بکات ــ ئەمە تەنیا بە نامەنووسین قبووڵ دەکەین ــ و لە ڕێگای پۆستی پەیامەوە، تا باقیاتی ئەو پارەیەی دەکەوێتە لای ئێمە بە چەک بۆی بنێرینەوە.

بۆ ئاگاداریتان ئێمە ڕیکۆردی هەموو ئەو بەڕێزانەمان لەلایە کە لە کەیەوە ئابوونەی ساڵانەی ناردووە و چەند ژمارەی بۆ چووە و چەندیشی دەکەوێتە لامان. بۆیە تکا لەو بەڕێزانە دەکەین کە لە نامەکەیاندا هەمان ناو و ناونیشان بنووسن کە بەشدارییان پێ کردووە و هاوکات کاتی بەشداریکردنەکەیان و ژمارەی ئەو چەکەی ناردوویانە و چەند ژمارەیشان پێگەیشتووە بنووسن، تا ئێمەش لەگەڵ ڕیکۆردی خۆمان بەراوردی بکەین و ئەو لیژنەیەی کە لە چوار کەس لە کارگێڕانی پەیام پێکهاتووە و سەرپەرشتی ئەو کارە دەکات، لە ڕێگای پۆستەوە بڕی ئەو پارەیەی بە چەکێک بۆ بنێرینەوە.

بۆ ئاگاداریتان، ئێمە لەدوای ئەو سێ مانگەی بۆ ئەو مەبەستە دیاریکراون، پۆستی پەیام دادەخەین و بەرپرسیاری هیچ پەیوەندییەک و داواکارییەک نین و تەنیا بڵاوکراوەی کوردیشین کە هەستمان بەو بەرپرسیارییە کردووە لە بەرانبەر ئەو بەڕێز و دڵسۆزانەی کە ئابوونە و بەشداریی ساڵانەیان کردووە و بە مافی ڕەوای خۆیشیان دەزانین هەرچییەکیان دەکەوێتە لامان داوای بکەنەوە.

ڕێز و خۆشەویستیمان قبووڵ بکەن و بەو هیوایەی کۆمەڵگای کورد لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات نەهێڵن ئەو بڵاوکراوە و گۆڤارانەی کە لە گۆڕەپانی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا هەن و پێویستیان بە پشتگیریی هەیە بۆ بەردەوامبوون، پشتگوێ نەخەن!

**دەستەی نووسەران**

٢٠٠١-١١-١

## کورتەی چەند نامەیەکی کارگێڕان و دەستەی نووسەرانی (پەیام) بۆ خوێنەرانی بەڕێز

## (پەیام) بە خۆڕایی نییە

**خوێنەری بەڕێز،**

وا ژمارە «٩»ی (پەیام)مان، خستە بەردەستی ئێوەی بەڕێز، بەو هیوایەی جێگای ڕەزامەندیتان بێت و لە هەڵە و کەموکوڕییەکانی ئاگادارمان بکەن. پێشنیار و ڕەخنەکانتان جێگای ڕێزی کارگێڕانی (پەیام)ە.

بەڕێزان: هەموو باش دەزانین دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی چەند کارێکی سەختە، بە تایبەتی کە سەربەخۆ بێت و هیچ دەوڵەت و حیزب و ڕێکخراوەیەکی سیاسی لە پشتەوە نەبێت و تەنیا سەرچاوەی دارایی خوێنەر بێت.

(پەیام) بە ماندووبوونێکی زۆرەوە دەکەوێتە بەردەستی ئێوەی خۆشەویست، چەند کەسانێکی لەخۆبووردوو و دڵسۆزی وشەی ڕەسەنی کوردیی، کاتێکی زۆریان بۆ تەرخان کردووە و لەگەڵ ئەوەشدا لە دەمی خۆیان و ماڵومنداڵیان دەگرنەوە و (پەیام)ی پێ دەڕازێننەوە و هەوڵ دەدەن بگاتە دەستی ئێوەی بەڕێز، لە هەر قوژبنێکی ئەم دنیایەدا بن. دەبێت ئەو ڕاستییەش بڵێین ئەو بەڕێزانەی ئابوونەی بەشداریی ساڵانەیان کردووە لە (پەیام)دا، پشتگیرییەکی گرنگ بووە بۆ دەرکردن و بڵاوکردنەوەی (پەیام)، بێ ئەو بەشداریکردنەی ئەو بەڕێز و دڵسۆزانە مەحاڵ بوو (پەیام) بتوانێت بەم جۆرە بەردەوام بێت و بگاتە دەستی ئێوەی خۆشەویست. باشتریش وایە ئەو ڕاستییە بزانن، ئێمە (پەیام)، تا ئێستاکە ناردنی هەقی پۆستی زۆربەی ژمارەکانی (پەیام)، لە پارەی ئابوونەی بەشداربووان و هاوکاریی چەند کەسانێکی دڵسۆزی کورد بووە و لە یەکێک لە ژمارەکانی داهاتووی (پەیام)دا، ناوی ئەو بەڕێزانە بڵاو دەکەینەوە کە پشتگیریی پۆست و چەند لایەنێکی تری (پەیام)یان کردووە.

لێرەدا داوامان لە ئێوەی بەڕێز ئەوەیە کە ئابوونەی بەشداریکردنتان بنێرن تا ئێمەش بتوانین بە بەردەوامی و لە کاتی خۆیدا (پەیام)تان بە دەست بگەیەنین. .."

**"بەڕێزان**

وێڕای سڵاو و هیوای سەرفرازیتان

کاتێک بیرمان لە پرۆژەی دەرکردنی بڵاوکراوەی (پەیام) دەکردەوە و، سەرقاڵی نەخشە و پلاندان بووین بۆ چۆنیەتیی دەستپێکردن و ڕاپەڕاندنی ئەو پرۆژەیە، لەوە دڵنیا بووین، کە هەڵسوڕاندن و ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی پرۆژەیەک، کە بتوانێت "ببێت بە بنەمایەکی پتەو بۆ پشتگیریکردن لە ئازادیی ڕادەبڕین" و نەترس و سەرازادیش "جێی خۆی لەنێو کۆمەڵگای کوردیی هاوچەرخدا، چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە دەرەوەدا" بکاتەوە، کارێکی هاسان نییە و کۆمەڵێک گرفت لەگەڵ خۆیدا کێش دەکات. هاوکاتیش، دەترساین ئەم پرۆژەیەش، وەکوو زۆربەی پرۆژە ڕۆشنبیرییە کوردییەکانی تر، لەگەڵ لەدایکبوونیدا مەرگی خۆی لە کۆڵ نابێت و هەر لە دەستپێکەوە بەلاداهاتنێکی ناوەخت لە چارەی نووسرابێت، یان هەر نەبێت کەمخایەن بێت و بەو ئامانجانەدا ڕانەگات، کە پێش لەدایکبوونی پرۆژەکەش بووبوون بە خولیای مێشکی هەر یەکێکمان و خەونمان بە بەدیهێنانیانەوە دەبینی.

ئێمە (پەیام)مان بە "هەوڵێکی سەرەتایی و بەشێک لە پرۆژەی ڕووناکبیرانی کورد ناساند" و خوازیاری ئەوەش بووین "زۆربەی ڕووناکبیرانی کوردی لە دەور کۆ بکەینەوە." بەرزەفڕ نەبووین و داواکانمان تا ڕادەی ڕاستگۆبوون لەگەڵ خۆماندا، هەر ئەو داوایانە بوون، کە لەگەڵ ئاستی بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردیی هاوچەرخدا دەهاتنەوە و خەونەکانیشمان، هەر ئەو خەونانە بوون کە ڕووناکبیرانی ئازاد و هاوچەرخی کورد بە تێپەڕاندنێکی هۆشیارانەی ئاستی بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردییەوە دەیانبینی و دەبیبین. تێپەڕاندنێکی هۆشیارانە، نەک لاساییکردنەوە و بەتۆپزی خۆسەپاندنن، بە ناوی هاوچەرخبوون و تازەگەرێتییەکی بێ بنەما و نێوەڕۆکەوە!

دڵنیاین لەوەی بە ڕاپەڕاندن و بەجێگەیاندنی هەندێک لە ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیەدا نەگەیشتووین و کەموکوڕی لە ئەنجامدانی هەندێک لە کاروبارەکانماندا هەبووە و "بێ گرفت و کەموکوڕی و هەڵە و پەڵە نەبووین!"، بەڵام هاوکاتیش لەو باوەڕەداین کە تەنیا ئەو کەسانە دووچاری هەڵە و کەموکوڕی دێن، کە لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا کاران و دوورەپەرێز و لاتەریک نەوەستاونەتەوە.

بۆ بەردەوامبوون و بەرەوپێشەوەچوونی ئەم پرۆژەیە تەنیا پشتمان بە هاوکاری و بەدەنگەوەهاتنی دڵسۆزە ڕاستەقینەکانی ڕۆشنبیریی کوردی و ڕووناکبیرانی ئازا و ئازاد ئەستوورە، هەربۆیە داوا لە هەموو دڵسۆزێکی وشەی ڕەسەنی کوردی دەکەین، کە خەمخۆری بەجێگەیاندنی پرۆژەیەکی لەم چەشنەیە، بە دەنگیەوە بێن و پشتگیری لە بەرەوپێشچوون و سەرکەوتنی ئەم پرۆژە ڕووناکبیرییەدا بکەن.

جێگای خۆشحاڵییە کە کۆمەڵێک خەڵکانی دڵسۆز و بە ئەمەکی وشەی ڕەسەنی کوردی، پاش شەونخوونی و ماندووبوونێکی زۆر توانیویانە ١٤ ژمارەی پەیام بە خوێنەری کورد بگەیەنن لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان. دەبێت ئەوەش بڵێین کە تا ئێستا دەرچوون و بڵاوکردنەوەی پەیام لە سەر ئەرکی داراییی ئەو دڵسۆزانە بووە: ١- کە بەشدارییان لە دەرکردن و بەڕێوەبردنی پەیامدا کردووە، ٢- بەشداریی ئابوونەی ساڵانە (چەند بەڕێزێک لەوانەی بەشدارییان کردووە زیاد لە هەقی ئابوونەی ساڵانەی خۆیان داوە و ئەوەش پشتگیرییەکی گرنگ بووە و جێگای ڕێزە)، ٣- فرۆشتنی ئەو ژمارانەی لە کۆڕ و کۆبوونەوە کوردییەکاندا و کڕینی ٢٠ ژمارەی پەیام لەلایەن سێ دامودەسگای خێرخوازی کوردەوە.

شایانی باسە هەموو کارەکانی پەیام تا ئێستاکە بە ڤۆڵنتەری کراون و بەڕێوەچوون، بەڵام ئیدی ئێستاکە ئەرک و کارەکان هێندە زۆر بووە کە بە داخەوە بەو شێوەیە ناتوانرێت بەڕێوە بچێت.

بۆ بەردەوامبوون و بەرەوپێشەوەچوون و فراوانکردنی پرۆژەی پەیام، تا بتوانێت زیاتر خزمەتی وشەی ڕەسەنی کوردی بکات و لە مەیدانی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا جێی خۆی بکاتەوە و سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت و وابەستەی هیچ لایەنێکی سیاسیی کوردی و غەیرە کوردی نەبێت...."

لە بەشێکی تری نامەکەدا، سەبارەت بە بە چاپگەیاندنی (پەیام) لە وڵات و هاریکاریکردنی بڵاوکراوەکەمان، بەم جۆرە هاتووە: "چاپکردنەوەی ژمارەکانی پەیام لە باشووری کوردستان، ئەگەر بتوانرێت کارێکی زۆر بە سوودە چ بۆ ناوەوە و چ بۆ دەرەوەش، بە مەرجێک حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان ڕێگای چاپکردنەوە و بڵاوکردنەوەی بدەن بە بێ هیچ سانسۆر و مەرجێک و مافی سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت و دەستتێوەردانی کارەکانی نەکەن. لە هەمان کاتیشدا دەبێتە سەرچاوەیەکی دارایی بۆ پەیامنێر و هاوکارانی پەیام لە باشووری کوردستان.

– پێشنیاری ئەوە دەکەین و پێمانخۆشە ئەگەر توانایەکی مادی بۆ ئەم کارانە تەرخان بکرێت لەلایەن چەند بەڕێز و دڵسۆزێکی وشەی ڕەسەنی کوردییەوە، ئەوا کەسێک لەو بەڕێزانە بەرپرسیاری چۆنیەتیی سەرفکردن و بەکارهێنانی بکات، هاوکاتیش ئەگەر ئەو بەڕێزانە پێیان خۆش بێت وەک ڕێزلێنان و بۆ مێژوو لە پەیامدا ناویان تۆمار و بڵاوبکرێتەوە.

– کارگێڕان و دەستەی بەڕێوەبەری پەیام، بە هیچ جۆرێک ئەندامی هیچ ڕێکخراوێکی سیاسیی کوردی و غەیرە کوردیی نەبوون و نابن و مەرجێکی سەرەکییە و یەکێکە لە پرینسیپە گرنگەکانی پەیام. دەبێت بێلایەنی بە لایەنی بەرژەوەندییەکانی میللەتی کورد و مەسەلە ڕەواکەی و ڕۆژنامەگەریی کوردی بێت.

هاوکاتیش سوپاس و پێزانی خۆمان بۆ ئەو هاودەنگ و دڵسۆزانە دووپات دەکەینەوە، کە بەوپەڕی لێبڕان و لەخۆبووردنەوە، هاریکارییان کردووین و دەستی یارمەتییان بۆ درێژ کردووین و دەکەن.

ڕێز و خۆشەویستیمان قبووڵ بکەن."

### لە نامەیەکی تردا بۆ خوێنەرانی (پەیام):

**"خوێنەری بەڕێز،**

وا ژمارە «١٥»ی (پەیام)مان، خستە بەردەستی ئێوەی بەڕێز، بەو هیوایەی جێگای ڕەزامەندیتان بێت و لە هەڵە و کەموکوڕییەکانی ئاگادارمان بکەن. پێشنیار و ڕەخنەکانتان جێگای ڕێزی کارگێڕانی (پەیام)ە.

لێرەدا داوامان لە ئێوەی بەڕێز ئەوەیە کە ئابوونەی بەشداریکردنتان بنێرن تا ئێمەش بتوانین بە بەردەوامی و لە کاتی خۆیدا (پەیام)تان بە دەست بگەیەنین.

بەشداریی ساڵانەی (پەیام) بۆ بریتانیا و ئەوروپا ٢٠ پاوەندی بریتانیاییە و بۆ ئەمریکا و وڵاتانی تر ٣٠ پاوەندە. تکایە ئەگەر بە دراوی جیا لە پاوەندی بریتانیایی بەشدارییەکەتان نارد، ئەوا لە بانق بپرسن بەرانبەرەکەی چەندە؟

بە هیوای هاوکاری و پشتگیریکردنتان بۆ (پەیام)ەکەی خۆتان..."

### "نامەیەکی ئاوەڵا بۆ خوێنەران و دڵسۆزانی پەیام

**خوێنەری بەڕێز:**

وا ژمارە ١٨ی (پەیام)مان، خستە بەر دەستی ئێوەی بەڕێز، هیوادارین هەروەکوو ژمارەکانی پێشووتر جێگای ڕەزامەندیتان بێت و لە هەڵە و کەموکوڕییەکانی ئاگادارمان بکەن. پێشنیار و ڕەخنەکانتان جێگای ڕێزی کارگێڕانی (پەیام)ە.

جارێکی تریش، بە پێویستی دەزانین، ئاگادارتان بکەینەوە و بیرتان بخەینەوە، کە (پەیام) تەنیا بە هاوکاری و پشتگیریی ئێوە و کۆمەک و بەشداریی ساڵانەتان دەتوانێت بەردەوام بێت و تاکەسەرچاوەی داراییی پەیام، دڵاوایی و هەستی بەدەنگەوەهاتنی ئێوەیە.

هاوکاتیش ئاگادارتان دەکەین کە لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٩٩ەوە، نرخی پۆستی ئەوروپا و وڵاتانی تری جیهان، زیادی کردووە. هەروەها نرخی بەچاپگەیاندنی (پەیام)یش لە سەرەتای مانگی ١ی (٢٠٠٠)ەوە لە ٢٠٪ زیاد دەکات و بەرەو ڕووی گرفتی دارایی دەبینەوە.

بۆ بەردەوامیی بڵاوکراوەکەتان، داوا لە ئێوەی دڵسۆز دەکەین کە ئابوونەی بەشداریی ساڵانەتان بنێرن، یان بەشدارییەکەتان تازە بکەنەوە، تا بە بەردەوامی (پەیام)تان بە دەست بگات و (پەیام)تان بەردەوام بێت. ئەوەش دووبارە دەکەینەوە و بڕوامان وایە بەردەوامیی (پەیام) لە ئەستۆی هەموواندایە چونکە: "پەیام دەنگی ئێوە و دەنگی ئێمەشە."

(پەیام) تا ئێستا لەسەر ئەرکی داراییی ئێمە ــ کارگێڕانی پەیام ــ و بەشداریی ساڵانەی ئێوەی دڵسۆز و هاوکاریی و پشتگیریی چەند کەسانێکی دڵسۆزی وشەی ڕەسەنی کوردی دەرچووە و بەردەوامە. **(پەیام) هیچ حیزبێک، هێزێکی سیاسی و لایەنێکی خێرخوازی** لە پشتەوە نییە تا کێشەی دارایی بۆ چارەسەر بکات، بۆیە تکاتان لێ دەکەین ئەگەر بەشداریی ساڵانەتان تازە نەکردۆتەوە یان نەناردووە، بینێرن..."

**"خوێنەری بەڕێز:**

وێڕای ڕێز و سڵاومان

ئێمە، کارگێڕانی پەیام، لەگەڵ چەند ژمارەیەکی پێشتری پەیامدا، نامەیەک و ڕوونکردنەوەیەکی پێویستمان بۆ بەڕێزتان ناردووە سەبارەت بە چۆنیەتیی بەچاپگەیاندن و بڵاوکردنەوەی پەیام، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەم ژمارە نوێیەشدا، ژمارە ٢٥و٢٦ی پووشپەڕ و خەرمانانی ٢٧٠٠ی کوردی، بە پێویستی دەزانین بەڕێزتان ئاگادار بکەینەوە کە ئەگەر ئابوونەی ساڵانەتان تازە نەکەنەوە، ئیدی ناتوانین (پەیام)تان بە دەست بگەیەنین. دڵنیاش بن، کە ئێمە هەرگیز ئەم بڕیارەمان بەلاوە خۆش نەبووە و نییە، بەڵام چونکە تاکەسەرچاوەی داراییی پەیام، بەشداری و ئابوونەی ساڵانەی ئێوەی بەڕێز و هاوکاری و بەدەنگەوەهاتنی چەند دڵسۆزێکی دیکەی بڵاوکراوەکەمانە، لەبەر ئەوە داواتان لێ دەکەین کە بەشداری و ئابوونەی ساڵانەتان تازە بکەنەوە، بەو هیوایەی نە ئێوەی بەڕێز لە پەیام و نە ئێمەش لە ئێوە بین. ئێمە دەتوانین تەنیا خەرجیی ئامادەکردن و چاپکردنی پەیام بگرینە ئەستۆ و لەبەر گرانیی پۆستکردنیش ئەگەر پشتگیریی و دەستی یارمەتیی دڵسۆزانی دیکەی پەیام و ئەمجارەیش هاوکاری و بەدەنگەوەهاتنی بەڕێزان د. شیروان موفتی و د. ناسک شاڵی نەبووایە ــ کە یارمەتی و پشتگیریی هەموویان مایەی ڕێز و پێزانینن ــ نەماندەتوانی ئەم ژمارەیەشتان بە دەست بگەیەنین، هەربۆیە داواتان لێ دەکەینەوە ئابوونەتان تازە بکەنەوە و...."